# وڵام بە پرسیارێک!

**ئیسماعیل ئیبراهیم رواندزی**
Ismail_rwandzi@yahoo.com



راستیەکەی، ئەم نووسینە بەرهەمی وڵامی پرسیارێکە، کە لە لایەن ماڵپەڕێکی ئیسلامی ئاراستەی من کرابوو. ناوەرۆکی پرسیارەکەش ئەوەبوو: بۆچی ئیسلامییەکان هەموو نسکۆو گلانێکی خەباتی نەتەوایەتی کورد بە لایەنی ئیمانییەوە دەبەستنەوە؟

سەرەتا، بۆ وڵامێکی رۆشن'و دروست، دەبێ پێشەکی ئەوە رۆشن بکەمەوە، کە ئایا ئیسلامی سەدەی هەفتەمی زایینی تەنها ئیسلامەو ناکرێ ئیسلامی‌تر بوونی هەبێ؟ ئایا دەکرێ لە بنچینەدا بوونی ئیسلامێک بە مانا یەکەمەکەی لە گۆڕیدا بێت؟

پێویستە هەڵوێستەیەک بەرامبەر فەرهەنگی کوردستانی بکەین‌و نێگایەکی رەخنەگرانەش لە فەرهەنگی ئیسلامییەکان لە پەیوەند بە سیاسەت و کۆمەڵگا بگرین. لە کوردستان هێشتا زۆر کەمن ئەو نووسەرە موسڵمانە کوردانەی کە ئازایەتی لە خۆیان نیشان دەدەن، لە راستای هەوڵدان بۆ نوێکردنەوەو خوێندنەوەیەکی‌تر لە ئیسلام، جیاواز لە خوێندنەوەی ئەو لایەنانەی تا ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسی و فەرهەنگیدا کلیلی چوونە ژوورەوەی بەهەشت بەسەر خەڵک دابەش دەکەن.

سەرەتا با لەو پرسیارە دەست پێبکەین، قورئان چییە؟ راستیەکەی قورئان پەرتووکێکی ئایینیەو لە بنچینەدا دەلیلی ئیمانی موسڵمانانە، هەربۆیە ئەوانەی قورئان وەک دەلیلێکی زانستی پیشان دەدەن، زیانێکی گەورە بە ئایینی ئیسلامو خودی قورئان دەگەیینن. پەرتووکە ئایینیەکان دەلیلی زانستی نین، بەڵکو دەلیلی ئیمانن، هەربۆیە ناکرێ راستو دروستی لەناو خۆیداو لە سەرچاوەکانی خۆیدا بهێنرێتەوەو ببەسترێتەوە بە قسەی فلان‌و فیسارە ئەسحابەو ئیمام و...هتد.

ئێمە ئەمرۆ لە سەردەمێک دەژین کە گەشەیەکی سەرسوڕهێنەر دەبینین لە زانستە سیاسیەکانەوە تا زانستە کۆمەلایەتی‌و ئابووری‌و فەرهەنگی‌و گەردوونیەکانەوە، بۆیە ئەگەر رێگایەک‌و ئامرازێک بۆ سەلماندنی راستو دروستی شتەکان هەبێ، ناتوانرێ بەدەربێت لە سوود وەرگرتن لە دەستکەوتە فەرهەنگی‌و زانستیەکانی ئەمرۆ.

کێشەکە ئەوەیە، کە زۆربەی نووسەرانی ئیسلامی و ئیسلامییەکان بە گشتی، بە چاویلکەی شافعی وکوری تەیمیەو تەبرسی ....هتد ئایینی ئیسلام تەفسیر دەکەن، وە لەوێشەوە سەیری

سیکولاریزم و سەردەم دەکەن. هەربۆیە قەت نەیانتوانیوەو ناتوانن ولامێکی دروست بۆ کێشەکان بدۆزنەوە. مەسەلەکەش زۆر سادەیە، ئەویش لە کاتێکدا هەندێکیان بە چاوی شافعی و هەندێکی تر بە چاویلکەی تەبەری و تەبرسی تێکستە قورئانییەکان دەخوێننەوە، بیریان چووە بە چاوی خۆیان بیخوێننەوە. ئیمامەکان وەکو ئێمە مرۆڤ بوونەو خاوەنی ئاستێکی ڕێژەیی لە بیرکردنەوەو تێگەیشتن بوونە، بەلام وەک ئێمەی سەردەمی سەدەی بیستویەکەم بەهرەمەند نەبوونە لەو هەموو زانستو پێشکەوتنە گەورانەی بوارەکانی تەکنیکو فەرهەنگە کۆمەلایەتییەکانو یاسا مرۆڤاتییەکانی ئێستا.

بێگومان کاتێک باس لە خوێندنەوەیەکی نوێ دەکەی، یەکسەر خەلکانێک قووت دەبنەوەو دەلێن: چۆن شتیوا دەبێ؟!! وە پێت دەلێن کە تێکستە خوایەکان ڕەهانو بۆ هەموو سەردەمێکو کاتێک دەبن. ئەمانە لەبیرخۆیان دەبەنەوە کە تەنانەت ئیمامەکانی وەک کوری تەیمیەو شافعی....هتد لە سەردەمی خۆیاندا هەروایانکردووە، ئەوەی ئەوان کردوویانە خوێندنەوەی تێکستەکانی قورئان بووە لە چوارچێوەی سەیرکردنی ڕەهایی تێکستەکان لە نێو کاتو زەمانو تێگەیشتنو ووشیاری ڕێژەیی سەردەمی خۆیان بۆ تێکستەکان، وە لەوە نەزیاترو نەکەمتریان نەکردووە. بۆیە پێویستە لە پلەی یەکەمدا خۆمان رزگاربکەین لەمەو چاویلکەکان فرێدەین. ئەمەش نابێ بە مانای ئەوە لێکبدرێتەوە کە من لێرە کەلەپوور، بە مانا سەردەمییەکەی، ڕەتدەکەمەوە. مەبەستی من لێرە بانگەوازێکە بۆ خوێندنەوەیەکی سەردەمیانە لە ئایین، لەسەر بنچینەی کێشەو گرێگۆلە کۆمەلایەتیو سیاسیەکانی ئەمرۆ. بانگەوازێکە بۆ بەکارهێنانی عەقلی فەلسەفی لە جیاتی عەقلی شیعریو پێوانەیی. بەکورتی بانگەوازێکە بۆ دابرانێکی مەعریفانە لە کەلەپوورو مێژووی ئیسلام. نابێ بیرمان بچی نەک من یان ئەوان بەلکو هەرکەسێک، لەوانەش ئیمامی شافعی و کوری تەیمیە و تەبرسی..هتد، تێکستە قورئانییەکانیان لە کاتو شوێنو بە ئامرازو ئاستێکی تێگەیشتنی مرۆڤایەتی ڕێژەییو تایبەت و دیاریکراو خوێندۆتەوە. هەمووومان ئەوە دەسەلمێنین کە کاتو ئامرازو ئاستی تێگەیشتنی مرۆڤی ئێستا بە بەراورد لەگەل مرۆڤی پێشوو گۆرانی بەسەرداهاتووە، بۆیە ئێمە ئێستا لە چوارچێوەو ووشیارییەکی تەواو جیاوازداین لەوانەی پێش خۆمان. هیچ شتێک لە گەردووندا سەداسەد وەکو یەک نییە. هەموو شتێک کە دەیبینین بەچاومان، وە هەموو دەنگێکو ناوێکو قسەیەک کە رۆژانە دەیکەین یاخود بە گوێمان دەیبیستین، وێنەیەک لە مێشکو خەیالمان دروست دەکات یاخود خۆمان وێنەیەکمان بۆی هەیە، بەوپێیە هەر شتێکی نوێ کە ووشیاری مرۆڤایەتی دەیدۆزێتەوە، وەک ئێستا مرۆڤ توانیویەتی ملێۆنان دۆزینەوەی نۆێ بکاو گەشەیەکی بەرچاو لە هەموو بوارەکانی کۆمەلایەتیو سیاسیو ئابوویو فەرهەنگیو زانستی...هتد بکات، شتێ نوێنو پێشتر نەبوون، بەم پێیەش وێنەو مانایەکانیشیان نوێنو پێشترنەبوونەو مرۆڤەکانی رابردووش نەیانتوانیوە بیدۆزنەوە، وە هەر بەو سادەیەش نەیانتوانیوە قسەی لێبکەنو شیبکەنەوەو لە ماناکانیشی تێبگەن. بۆیە هەرکەسێک بیەوێ لە رابردوو بەدوای ماناو چارەسەری شتە دۆزراوەکان بگەرێ، دەیەوێ کۆمەلگا راکێشتە دواوەو هیچی نوێی پێ نییە و ڕێگریشە لەبەردەم پێشکەوتنو گەشەپێدانی کۆمەلگا. من باسم کرد، هەروەک چۆن ئێمە گەشەدەکەینو لە خالێکدا ناوەستین، بەهەمان شێوەش ماناکانو ووشیارییەکانو بیرەکانو خولیاکانیشمان دەگۆرێن. مەبەستم لەم روونکردنەوە فەلسەفیە ئەوەیە، دەمەوێ ڕەخنە لە عەقل و ووشیاری ئیسلامییەکان، کە لەسەر پێوانەو قیاس لە ئوسولەکانی فوقهی رابردووی پێشینەکانمان دامەزراوە، بگرم.

ئیسلامییەکان قیاس دەکەنە بنەما، بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی ووشیاریەکانو خولیاکانو مانای شتەکان لە کات و شوێنی جیاوازدا. بەم پێیەش ئیسلامییەکان هەم خویانو هەم کۆمەڵگا بەرەو دواوەو وەهم دەبەن. نەبینینی جیاوازی مانای شتەکان لە نێوان دوێنێو ئەمرۆدا ئاکامەکەی بیرباوەرێکی دۆگمو وێرانکردنی فیکرو توندوتیژی بەرهەم دێنێ. لێرەوەیە، من بانگەوازی خوێندنەوەیە'کی نوێو سەردەمیانە لە قورئانو رابردوو دەکەم، بەو مانایەی کە بگونجێ لەگەڵ ئەو ماناو پێشکەوتنە نوێو سەردەمیانەی ئێستا، هەروەک چۆن هەموو کەسایەتییە ئایینیەکانی پێشووش هەمان شتیان کردووەو نەیانتوانیوە خۆیان لەم بنەمایە لادەن. بەلام دەبێ بزانین، کە خوێندنەوەیەکی سەردەمیانەی نوێ لە ئایین بە ئایدۆلۆژیا ناکرێ، بەڵکو لەلایەک پێویستی بە داهێنانە لە پەیوەند بە واقعی کوردستانەوە، وە لەلایەکیتر پێویستی بە دابرانێکی مەعریفانەیە لە کەلەپووری ئیسلام. بۆچی خوێندنەوەیەکی نوێی سەردەمیانە لە ئایین پێویستە؟ چونکە هەر ئەوە دەمانگەیەنێ بە بریارو فوقهێکی نوێی ئیسلامی سەردەمیانە. من لەسەر ئەو بنەمایەی سەرەوەو لە راستای روونکردنەوەو تێگەیشتنی خوێنەری خۆشەویست لە باسکردنی ئەو پێشەکییە فەلسەفیە، حەزدەکەم لە خوارەوە چەند مەسەلەیەک باس بکەم.

مەسەلەی یەکەم ئەوەیە کە کێ ئیماندارە؟ بە پشت بەستن بە کتێبە ئایینیەکان، لەوانەش قورئان، کە لێرەدا بۆ کورتکردنەوەی باسەکەم نەمهێناونەتەوە، هەرکەسێک بە ئیماندار حیساب دەکرێ ئەگەر:

1- باوەری بە بوونی خوا هەبێ.
2- باوەری بە تاکبوونی خوا هەبێ.
3- باوەری بە رۆژی قیامەت هەبێ.
4- باوەری بە کاری چاکە "عەمەلی سالح" هەبێ.

هەربۆیە ئیمانداربوون، بە گوێرەی چەندین ئایەتی قورئان و کتێبە ئایینیەکان، تەنها پەیوەندی بە "خوا" هەیەو بەس. بەواتایەکیتر هەرکەسێک باوەری بە بوونی خوا و تاکبوونی و رۆژی قیامەت و کاری چاکە هەبێ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو پێغەمبەرەی کە باوەری پێیەتی لە لایەن خوداوە بە موسلمان حساب دەکرێ. پرسیاری گرنگو چارەنووسساز ئەوەیە کە کاری چاکە چییە؟ لە قورئاندا، بە تایبەتی لە سورەتی ئەنعام، باس لە کۆمەڵێک کاری چاکە دەکرێ کە خوا بۆ مرۆڤی رۆشن کردۆتەوە، کە ئەمانەش هەر لە نوحەوە بگرە تا پێغەمبەر موساو عیساو دوایش پێغەمبەری ئیسلام مەحەمەد هەمان شتە. راستیەکەی کاری چاکە "عەمەلی سالح" بەشێکە لە بوونو خودی مرۆڤ. کاری چاکە یاسایەکی دانراوی سەپێندراو نییە تا جیابێت لە بوونی کۆمەلایەتیو وشیاری مرۆڤ.. ئایا کەس دەتوانێ ئەوە رەتبکاتەوە کە کاری چاکە پێش ئیسلامو دوای ئیسلامو لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هەبووەو هەیە، ئینجا ئەو کومەڵگایە باوەری بە ئایینی ئیسلام هەبێ یان نەبێ. لێرە قسە لەسەر ئەو هەلسوکەوتە مرۆڤایەتییانەیە کە گرێدراون لەگەڵ هەلسوکەوتی کۆمەلایەتی و خێزانی و ئابووریەوە، کە بەبێ ئەمانەش کاری چاکە مانای نییەو "کۆمەڵگای سالح"یش بوونی نییە. هەربۆیە کاری چاکە هیچ پەیوەندی بە رۆژوگرتنو حەجکردنو نوێژکردنو زەکاتدان نییە، بۆچی؟ چونکە ئەمانە تەکلیفن و مەوجود نین لە خودی مرۆڤدا. پرسیارێک رەنگە بە مێشکی زۆر کەسدا بێت، ئەویش ئەوەیە: باشە کەوابێ چ شتێک باوەردارانی پێغەمبەر موحەمەد

لەوانیتر جیادەکاتەوە؟ راستیەکەی دەبێ رۆشن بێت بۆ هەموو کەس کە کاری چاکەو بەها مرۆڤایەتیەکانی وەک: درۆنەکردنو دزینەکردنو وەفاداریو خۆشەویستیو خەڵک نەکوشتنو...هتد پەیرەوکەرانی موحەمەد لەوانیتر جیاناکاتەوە، بەڵکو ئەوەی جیایان دەکاتەوە بریتییە لە کۆمەڵێک ئەرک، کە تایبەتن بە ئایینی ئیسلام'و بە'س، لە بابەتی: حەجکردن بوماڵی خوا لە مەککە، پێنج جار نوێژکردن لە رۆژێکدا، زەکاتدانو رۆژوگرتن لە مانگی رەمەزان ... وە بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکانەش وەک تەکلیف لە لایەن خوداوە دانراونو مەرجیش نییە جێبەجێبکرێن، وەک لە قورئاندا هاتووە :{لایکلف الله نفسا إلا وسعها}. ئەم ئەرکانە هیچ مانایەکیان نییە لە پەیوەند بە کاری چاکەو کاری سیاسیەوە، چونکە ئەمانە تەکلیفنو مۆرکێکی جیهانیو بۆ گشت مرۆڤایەتی نیین، بەڵکو تایبەتن بە پەیرەوکەرانی پێغەمبەری ئیسلام. بەلام ئەگەر سەیرکەین ئەوەی ئەمرۆ ئیسلامی سیاسی بۆ بەرژەوەندی سیاسیو بەدەستەوەگرتنی دەسەلات پێی هەستاوە، بریتیە لە تێکەڵ کردنی ئەولەوییاتەکانی موسلمانان. هەربۆیەش دەبینیین کە رۆژونەگرتن زۆر بە ترسناکترو خراپتر لە دزیکردن چاوی لێدەکرێ وە نوێژنەکردن گوناحترە لە درۆکردن، وە ئارەق خوردنەوە گوناحترە لە کوشتنی مرۆڤ.

مەسەلەیەکیتر کە گرنگە باسی بکەم، مەسەلەی ئیدعای ئیسلامی سیاسیە سەبارەت بەوەی کە مرۆڤ کۆیلەی خوایە. مافی خۆمانە بپرسین، خوا چ پێویستی بە کۆیلەتی ئێمە هەیە؟ ئایا بە گوێرەی مەفهومی ئایینی دەکرێ بووترێ، خوا دژی بریارو هەڵبژادنی ئازادانەی مرۆڤە، وە ئەم ولاتو لایەنو هێزە ئیسلامییانەی کە بەزۆر خەڵک راپێچی مزگەوت دەکەن بۆ ئەوەی نوێژبکەنو ژنان  بەزۆر دەکەن بە موحەجەبە، دەتوانرێ پێی بووترێ ولاتێکو هێزێکن قسەی خوا لەلایان سەروەرە؟ ئایا ئازادی مرۆڤ لە هەڵبژاردنی پەرستنی خوا یان نەپەرستنی پەیوەندی بە خواوە هەیە یان بە مرۆڤ؟ پێموایە مرۆڤ کۆیلەی خودا نییە بەڵکو مرۆڤ خواپەرستە، بۆچی؟ چونکە کۆیلە مافی ئازادیو هەڵبژاردنی نیە، جیاواز لە خواپەرستی کە تیایدا مرۆڤ سەرپشکە لەوەی خوا بپەرستێ یا نەپەرستێ، هەر ئەمەشە مانایەک دەدات بە مەفهومی هەلسوکەوتی خوا بەرامبەر بە مرۆڤ لە پەیوەند بە چەمکی پاداشتو عەقاب لە رۆژی قیامەت. راستیەکەی بانگەوازی رۆژ تا ئێوارەی ئیسلامی سیاسی، بەوەی کە مرۆڤ کۆیلەی خوایە، وایکردووە، کە مرۆڤەکانی کۆمەڵگای ئێمە هەست بە بچوکیو هیچ بوونی خۆیان بکەنو ببنە نێچیرێکی ئاسانو وەک مێگەلە مەر لە لایەن زۆردارانو داگیرکەرانی کوردستانو مشەخۆرانی گۆمەڵگا ئاراست بکرێن.

خودی پەیدابوونو گەشەی ئیسلامی سیاسی بەشێکی زۆری پەیوستە بەو هەژانە فیکریو ئایدۆلۆژیانەی، لە کۆتایی هەشتاکان، تووشی بنەما رۆشنبیریو ئایدۆلۆژیەکان بوون، بۆیە ئیسلامییەکان ناتوانن چاوپۆشی لەو گەشەکردنانەی سەدەی بیستویەکەم بکەن. بنچینەی کێشەکە ئەوەیە، کە رەوتی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان لەسەر کۆمەڵێک بنەما دامەزراوە، کە لە کلتووری سەردەمی یەکەمی ئیسلام سەرچاوەیان گرتووەو ئەمانەش وەکو بنچینەی رەهاو نەگۆر چاولێدەکرێن. بە ئاسانی شمولیەتو دواکەوتوویی لە رەوتی ئیسلامی سیاسی دەبینرێ. ئەم رەوتە باوەری بە ئازادی بیرو بیرکردنەوە نییەو پێکەوەژیان رەت دەکاتەوە. ئەمرۆ ئیسلامی سیاسی لە کوردستان بە ناوی موسڵمانانی کوردستانو نوێنەرایەتی تێگەیشتنی راستو رەها لە بنەماکانی ئایینی ئیسلام، هەستاون کۆمەڵێک بنەمای فیکریان لەسەر ئیختزالی مێژووو جوگرافیاو کێشەکانی

کۆمەڵگای کوردستانو جیهان داناوە. بۆ ئەوان ئیسلامی کۆمەڵگای سەدەی هەفتەمی زایینی تەنها ئیسلامە کە دەکرێ هەموو شتەکان، تەنانەت ئەخلاقو عورفەکانیش، پێوەی پێوانە بکرێ، ئەمەش لە نەزەری ئەوان نەک تەنیا بۆ کوردستان بەڵکو بۆهەموو شوێنێکو بۆ هەموو کاتێک تا رۆژی "قیامەت" گونجاوە. بۆ ئەوان کێشە رۆشنبیریو سیاسیەکانی سەدەی بیستویەکەمی مرۆڤەکانی کوردستان، هەمان کێشەکانی دوورگەی عەرەبی سەدەی هەفتەمی زایینیە. تراژیدیاکە ئەوەیە کە ئیسلامی سیاسیو ئیسلامییەکان پێیانوایە چۆنیەتی چارەسەری کێشەکان لە سەردەمی ئیسلامی یەکەمدا هەمان چارەسەری گونجاون بۆ کۆمەڵگای ئێستاو ئەمەش وەک تەنیا چارەسەری شەرعیو ئیسلامی دەرخواردی موسلمانانی کوردستانی دەدەن. بۆ نموونە، ئیسلامییەکانی کوردستان نەک تەنیا بنەماکانی دەسەلاتی ئەوکاتی ئیسلام بۆتە شەرعی ئیسلامی لە لایان، بەڵکو تەنانەت چۆنیەتی پاکوخاوێنیو جلوبەرگ لەبەرکردنو کلتووری ئەوکاتی مرۆڤەکانیش، کە بەشێکی زۆری بەرهەمی پێش ئیسلامە، بەستویانەتەوە بە حەلالو حەرامو کردوویانە بە ئایین. ئەمە لە کوێ هاتووە؟ ئەمە سەرچاوەکەی لە پیرۆزکردنی کلتووری رابردوو هاتووە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە پێشووەکان هیچیان بۆ ئێمەی سەردەمی سەدەی بیستویەکەم نەهێشتۆتەوەو ئەوان زیرەکترو زاناتربوونەو هەر ئەوانیشن تەنیا سەرچاوەی ولام بۆ چارەسەری هەموو کێشەکانی ئێستاو داهاتوو .

مرۆڤی کورد، بە هەموو کەموکوریەکانی کۆمەڵگاو کێشەکانی خۆی، نابێ دوای کەسانێکو رەوتێکی ئیسلامی بکەوێ کە چەندین جار لە رەوتەکانیتر نادیموکراتیترو کۆنەپەرستانەترە. بۆ ئێمەی کورد، کە دەوڵەتمان نییە، یەکجار گرنگو چارەنووسسازە کە لە گۆشەیەکی عەقلانی سەیری کۆمەڵگای ئێستای خۆمان، وەک پێگەیەک بۆ داهاتوو، بکەین، بەجۆرێک سوود لە هەموو ئەو ئالوگۆرانە وەربگرین کە لە جیهاندا روویداوە یاخود روودەدەن،وە هاوپشتیو هاوپەیمانی هەر هێزێکی ئەوروپی، ئەمریکی یاخود هەر هێزێکی نێودەوڵەتیتر، کە هاوسەنگی هێزەکان بە قازانج ئێمەی کورد دەگۆرێو ستراتیژەکەی بە زەرەری ئامانجو ستراتیژی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردستان نییە، بکەین.

ئیسلامی سیاسی کوردستان بەشێکی زۆری بەرهەمی کاریگەری دەرەکییەو بەشەکەیتری بەرهەمی پەیدابوونی ئیزدواجیەتە لە کەسایەتی کورد، کە ئەمەش بەهۆی مێژووی هێزە نەتەوەییەکانو کێشە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگای کوردستان، گەشەی کردووە. ئیزدواجیەت لە کەسایەتی کوردیو کوردستانی ترسناکترین مەسەلەیە کە دەبێ رێگەی لێبگرین. چۆن؟ لە رێگەی:

یەکەم: بە دەزگاییو دەستووری کردنی دەسەلات لە کوردستان.

دووەم: یەکگرتوویی گووتاری نەتەوەیی کوردی لە مەسەلە ستراتیژییەکان.

سێیەم: کارکردنی چالاکو ووشیارانە بە ئاراستەی سەرخستنی پرۆژەی نەتەوە - دەوڵەتی کوردستان.

چوارەم: نەهێشتنی گەندەڵی ئیداریو فەرهەنگی، وە گەشەدان بە پرۆسەی گەشەسەندنی ئابووریو فەرهەنگیو سیاسیو نەتەوەییو خزمەتگوزرییە کۆمەلایەتییەکان.

پێنجەم: دارشتنو بەهێزکردنی زیاتری دەسەلاتی کورد لە کوردستان لەسەر بنچینەی ستراتیژێکی ئابووریو نەتەوەیی، کە تێیدا چۆنیەتی یەکسانکردنی دەسەلاتی کوردی لەگەڵ پرۆسەی

گەشەکردنو باشتربوونی ژیانو گوزەرانی خەڵکو نەتەوەی کورد رۆشن بکرێتەوەو رێگر بێت لەبەردەم ئاڵۆزبوونی کێشەکانو سەرلێشواوی کۆمەڵگای کوردستان.

شەشەم: سەپاندنی دەستوورو یاسای کوردستان بەسەر هەر هێزو رەوتێک کە مەترسی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی دروست دەکات.

ئەمرۆ دەوری ئیسلامی سیاسی دەورێکی نەگەتیڤە، بە تایبەتی لە بەلارێدابردنی نەتەوەی کورد لە پرۆژە نەتەوەییەکەیو ئاڵۆزکردنی کێشەکانی کۆمەڵگا. کێشەکە لە کوی دایە؟ کێشەکە لە خراپ تێگەیشتنی بیروباوەری ئایینیە. ئایین، هیچ ئایینێک، خۆی لە خۆیدا رێگر نییە لە بەرامبەر سیکۆلاریزم، بەلام دەبێتە ترسناکترینو گەورەترین رێگر لەبەردەم سیکۆلاریزمو ئازادیو دیموکراسی کاتێک وەک ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی لە لایەن هەلسوراوانی کۆمەلایەتی بەکاربهێنرێ. ئیسلامییەکان تەفسیرو لێکدانەوەی ئایەتو تێکستەکانی قورئانیان داگیر کردووەو خۆیان وەک خاوەنی راستی رەها پیشان دەدەن. لەم حالەتەشدا، مادام ئەوان خاوەنی راستیو پەیامی خواییو رەهان ئیتر هەموو ئەوانیتر بە لادەرو نەزان حیساب دەکرێن. ئەم جۆرە بیرکردنەوە رێگرە لەبەردەم پێکەوە ژیان.

ئەم بیری ئیسلامییەی کە تا ئێستا ئیسلامییەکانی کورد بانگەوازی بۆ دەکەنو گەشەی پێدەدەن، بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ لەگەڵ پرۆسەی گەشەپێدانی دیموکراسی کوردستانو پرۆژەی نەتەوەیی کورد هەڵبکا، بۆ؟ چونکە، تا ئێستا، گووتاری ئیسلامی سیاسی کوردو ئیسلامییەکانی کورد بە گشتی سەرچاوەکەی کەلەپووری فوقهی سەدە تاریکەکانی مرۆڤایەتییەو نەیتوانیوە دابرانێکی مەعریفی لەم کەلەپوورە بکات، کە بەبێ ئەم دابرانە نابێ هیچ کەسێک هیواو تەوەهمی بە باوەرهێنانی ئیسلامی سیاسی کوردستان بە دیموکراسی، هەبێ. چونکە ئەگەر بەشێکی یموکراسی مانای بوونی نوێنەرانی خەڵک لە پەرلەمان بۆ دارشتنی یاساکان بە ناوی خەڵک، بێت، ئەوا ناتوانێ لەگەڵ ئیسلامی سیاسی، کە خۆیان بە نوێنەرو یاساکانیشیان بە دەستووری خودا دەزانن، بێتەوە .

مەسەلەیەک کە ئیسلامی سیاسیو ئیسلامییەکان دەیانەێ خۆی لێلابدەن، مێژوویی بوونی پەرتووکە ئایینیەکانە. پرسیار ئەوەیە، ئایا قورئان وەک پەرتووکێکی ئایینی بە یەکجارو لە ساتێکو هەمووی پێکەوە نووسراوەتەوە؟ نەخێر، ئایەتەکانی قورئان رۆژ بە رۆژ''و لە کات'و ساتی جیاوازدا'و بە پێی ئەو کێشە'و گرفتانەی هاتوونەتە بەردەم مرۆڤەکانی دوورگەی عەرەبی لە سەددەی هەفتەمی زایینی'دا، نووسراوەتەوە. کەواتە قورئان لە دەرەوەی مێژوو نییە بەڵکو لەناو مێژووە. ئەمەیە کە ئیسلامی سیاسی نایەوێ دانیپێدابنێو وەک دەجالێک دەیەوێ خۆی وەک هەڵگری راستی رەهاو نوێنەری خوا لەسەر زەوی پیشان بدا. ئەوەیە کە ئیسلامی سیاسی خۆی لێ گێل دەکاو پێمان دەڵێ: دەبێ ئێمەی مرۆڤەکانی سەدەی بیستویەک ،کە چەندین سەدە لە گەسەندن لە هەموو بوارەکانی ژیان جیامان دەکاتەوە لە مرۆڤەکانی پێش خۆمان، بێین بە گوێرەی فەتواو فوقهەکانی سەردەمی کوری تەیمییەو شافعیو مالکی...هتد هەلسوکەوت بکەین. ئایا ئیسلامی سیاسی دەتوانێ ئەوە رەت بکاتەوە کە یاسا ئیسلامییەکان لە بۆشایی نەهاتوون؟ راستیەکەی، ئەم یاسانە بەرهەمی ژیانی خەڵکانێک بوون کە فەرهەنگو ژیانی ئابووریو سیاسی تایبەت بە خۆیان بووەو هەربۆیە ئەم یاسایەنەش وەک رێکخستنی ژیانی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە هاتوونو لێرەوەیە ناکرێ ئەم یاسایانە سیفەتی رەهاییو سەروو مێژوویی وەربگرن. خۆ ئەگەر یاساکان رەها

وەربگرین، کەواتە مانای وایە مێژوو کۆتایی هاتووەو ئیتر دەبێ هەموو گەشەکردنێکی زانستیو فەرهەنگیو ئابووریو سیاسی...هتد ڕەتبکەینەوە. بەلام ئیسلامی سیاسی لەبیرخۆی بردۆتەوە کە ئەگەر ئیسلام وەک کۆتایی مێژوو چاو لێدەکا، ئایا میللەتانیتر، واتە ئەوانەی کە مێژوو لەلایان کۆتایی نەهاتووە، مافی ئەوەیان نییە وەک مەخلوقاتی سەیرو سەمەرە سەیری موسلمانان بکەنو پەرژینێک بەدەوریان دروست بکەنو بیانکەن بە یەکێک لە حەوت شتە سەیرو سەمەرەکانی جیهان؟

لە کۆتاییدا دەڵێم، ئەم ڕەوتە سەرچاوەکەی لە کوردستانەوە نییە. بەرنامەکانی هێزو پارتە نەتەوەییەکانی کوردستانیش نامۆ بە ئایین نیین. ئایین هەمیشە بەشێکی گرنگ لە ئەخلاقی کۆمەڵگای کوردستانی پێکهێناوەو ئەخلاقی زۆربەی پارتە کوردییەکانیش نامۆ نیین بە کۆمەڵگای کوردستان.

- کۆتایی -